# ديموكراتيبوون شەرمی پێناوێ

گۆران قەرەداغی

بە پێی هەواڵێک کە هەفتەنامەی هاولاتی لە 20 ی ئۆکتۆبەری 2004 دا بلاویکردەوە، دوو هەفتە بەر لە ئێستا یاداشتنامەیەکی رەخنەئامێز لە لایەن 22 ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، 8 ئەندامی بیرۆی سیاسی و 14 ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی، درا بە سکرتێری گشتیی یەکێتی. لە یاداشتنامەکەدا داوای سنووردانان بۆ دەستەلاتی رەهای سکرتێری گشتی ( مام جەلال ) دەکەن، داوای پترکردنی رۆلی بیرۆی سیاسی و سەرکردایەتی، لە بریارە چارەنووسزازەکاندا دەکەن ، داوای پاکسازی، چاکسازی، گۆڕانکاریی رادیکالانە و دانانی دەزگای چاودێری، لە بوارەکانی پارتایەتی و کارگێڕی و ئابووریدا، دەکەن.

دیاردەی رەخنەگرتن، خواستی گۆڕانکاری، پاکسازی و چاکسازی، لە هەر پارت و حکومەتێکدا، یان هەر دەزگا و کۆمپانیایەکدا، نیشانەی زیندوێتی و هۆشیارییە، نیشانەی دلسۆزی و خەمخۆرییە، ئەمە جگە لەوەی کە باشترین گەرەنتیشە بۆ گەشەکردن و سەرکەوتن. هەوالەکان وا دەگەیەنن کە سکرتێری یەکێتیش رەخنەکانی بە سنگێکی فراوانەوە وەرگرتووە و ئامادەگیی خۆی بۆ  قەبوولکردنی هەر گۆڕانکارییەک نیشانداوە، کە سەرکردایەتیی یەکێتی بخوازێ، تەنانەت بە کەنارگرتن و جێ چۆلکردنیشەوە. ئەم هەلۆێستەش شایستەی رێزلینان و ستایشکردنە، چونکە لە کۆمەلێکی وەک کوردەواریدا، هەمیشە سەرکردەکان لە ئاوەها دۆخێکدا، نەک هەر ناچنە ژێر هیچ کەموکورییەک، بەلکو بە ئاگر و ئاسن وەلام دەدەنەوە، مەگەر هەر هیچ مەودایەکیان بۆ نەمابێتەوە.

بەلام ئەوەی جێگەی سەرنج و رەخنەیە، ئەوەیە کە ئەگەر هەفتەنامەی هاولاتی هەوالەکەی رانەگەیاندبا، نە جەماوەری میللەت و نە بنکەکان و جەماوەری خودی یەکێتیش لەو پرۆسەیەی ناو سەرکردایەتیی یەکێتی ئاگادار نەدەبوون. لە کاتێکدا پارت و رێکخراوە دیموکراتەکان کە بانگاشەی خزمەتکردنی نەتەوە و نیشتمان دەکەن، بۆ خۆیان گیروگرفتەکان ئاشکرا دەکەن و بوار بۆ جەماوەر دەرەخسێنن تا بە دەربرینی بۆچوونەکانیان هاوبەشی لە چارەسەرکردن و دەولەمەندکردنی شێوازەکانی چارەسەرکردندا بکەن.

ئاشکرایە نارەزاییەکان زۆر بوون، گرفتەکانیش ترسناک، دەنا نەدەگەیشتە ئەوەی چەند مانگێک کاری بۆ بکرێت و زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی دەنگیان یەکخەن و بە یاداشتنامەیەک بیگەیەننە سکرتیری گشتی. کەچی دوای بلاوبوونەوەی رووبەڕووبوونەوەکەی نێوان سەرکردایەتیی یەکێتی و سکرتێرەکەی، دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی هەوالی رووبەڕووبوونەوەکە و کۆبوونەوەکانی دواتری، تەنیا وەک کۆبوونەوەی ئاسایی و سەرکەوتوو رادەگەیەنێ، کە تیایاندا هەندێ بریاری گۆڕانکاری دراون، یان دەدرێن. بۆ نموونە هەفتەنامەی ئاسۆ  لە ژمارە 29 ی 26 ی ئۆکتۆبەردا، وێنەیەکی مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، کۆسرەت رەسول و عومەری سید عەلی بلاوکردۆتەوە، کە بە سەرچۆپێتی مام جەلال شایی دەگێرن. ئەگەر مەسەلەکە هێندە گەورەیە کە ئەو هەموو ئیمزایەی پێویست بوو، کوێرا ئەم شاییە سازکرا و هەر مامیش سەرچۆپی کێشە؟ خۆ گەر وەک یەکێتی گەرەکێتی، ئاوا سادە و پەراوێزییانە نیشانی بدا،  ئیدی ئەو گشت گورپەستنەوەیەی لە پای چی؟ ئەگەر یەکێتیی نیشتمانی بڕوایەکی قوولی بە دیموکراسیی پارتایەتی و پرینسیپی رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن هەیە، بۆ دەبێ

هەوڵی شاردنەوەی مەسەلەیەکی ئاوا گرنگ، لەو میللەتە بدات کە سالأنێکی دوور و درێژە لە پێناوی مافە ڕەواکانیدا قوربانی دەدات؟ کە ناشتوانێ بیشارێتەوە، چونکە دونیا گۆڕدراوە و ئەمڕۆ خەڵکی نێوان دێرەکانیش دەخوێندنەوە. ڕەنگە بڵێن: ئاخر دار و دیوار گوێیان هەن و ئێمەش نامانەوێ دوژمنانمان پێخۆش بن. ئەمنیش دەڵێم دیموکراتەکان، بە شەفافیی ڕەفتارەکانیان هەم دوژمنان دەتۆقێنن، هەم مونتمانەی دۆستان و میللەت مسۆگەر دەکەن. پێموایە نەک هەر کاتی هاتووە، بەڵکو زۆریش درەنگە، دەبێ ئیدی یەکێتی و هەر پارتێکی تری ئەم کوردستانە، ئەگەر بەتەنگ تەندروستی و تەمەندرێژیی خۆیانەوەن، ئەگەر دەخوازن کارێکی چاکیان بۆ میللەتە بەشخوراو و مەزڵومەکەیان لە دەست بێ، پێویستە جیاوازی نێوان ڕەفتار و گفتارەکانیان نەهێڵن. ئەوان تێکڕا دەڵێن مافە نەتەوایەتییەکان لە کۆمەڵێکی شارستانیدا دابین دەکەن، مەگەر لە کۆمەڵە شارستانییەکاندا ئاوا کارناکەن؟